KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:44 29-4-2007

## ئیدانەکردنی کوشتنی دوعا لەلایەن میری ئێزیدیانەوە هەڵوێستی جوامێرانەی خودی میربو یان فشاری سەرکردایەتی کورد... ؟؟؟!!! هیوا کۆیی

لەکاتێکدا ئێمە وەحشیەت گەرییمان لەکوشتنی دوعا بینی هەریەك لەشوێنی خۆمانەوە بەقەڵەمو بەزار نەفرەتمان لەم کارە دڕندانەو وەحشیەتناکەکرد کە دەیان بەناو مرۆڤ لە دەوری کچێکی بێتاوان کۆببونەوەو ئەوەی بەردەستیان کەوتبا بەسەرو لاشەی ئەو کیژە ناسکۆڵەیاندا دەکێشا تا گیانی دەرچوو، لەناو هەموو ئەو خەڵکەی لەدەوری وەستابون کەسێك نەبو پێشگیری لەم کارەبکات و هەرهیچ نەبێت نەهێڵێ بەم جۆرە دڕندایەتی یە دوعابکوژرێت.
بەداخەوە هەرچی سەیری ئەم ڕوداوە ئەکەم و لێی دەڕوانم بچوکترین پێوەری مرۆڤایەتی لەو خەڵکە دواکەوتو و کلتور سەقەتە بەدیناکەم وباوەڕناکەم کە کوشتنی مرۆڤێك بەم جۆرە بەهەر بیانو و لەژێر هەر پەردەیەکەوەبوبێ تەنها قینێك بێ بەرامبەر دوعا بەڵکو ئەمە دابونەریتی ئەو کۆمەڵگاو ئایینەیە کە دوعای لێ کوژرا و ئیدانەکردنی ئەم کارە قێزەوەنەش هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت بەڵکو مێژو تاهەتایە ئەم ڕوداوە بە ڕورەشترین و وەحشیەت گەریترین ڕوداوی ئەم سەردەمە لەمێژوی مرۆڤایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەگێڕێتەوە...
دوای تێپەڕبوونی زیاترلە 20 ڕۆژ بەسەر کوشتنی دوعا میر تەحسین بەگ میری ئێزیدیان زۆر بە ئارامی و لەسەر خۆیی وەك ئەوەی تازە ئەم کارە ڕوی دابێت کوشتنی دوعای ئیدانەکرد
دەپرسم گەر ئەم ئیدانەکردنەی شێخی ئێزیدیان لەهەمبەرکوشتنی دوعا هەڵوێستی خۆیەتی بۆوا درەنگ دوای 20 ڕۆژ ڕاگەیەنرا؟
لەگەڵ بلاوبونەوەی کوشتنی دوعا هەرکەسێك لەدەرەوەی بەعشیقە ئەم جۆرە کوشتنەی بینی زۆربەیان فرمێسك لەچاوانی هاتنە خوار بەبێ بیرکردنەوە لەهۆکاری کوشتنی دوعا هەرچی بەدەر لەدینی ئێزیدی بوو ڕقێکی ئەستوری لەلا دروست بوو دەرهەق بە کردەو ناوی ئێزیدی، سەرەڕای بونی چەندین دەستورو عاداتی سەقەتی ئێزیدی کەچی هێشتا ئێمەی موسوڵمانانی کورد وەکو کوردێك بەبێ جیاوازی ئاین و دەستور مامەڵەمان لەگەڵدا دەکردن، بەڵام دوای بڵاوبونەوەی وێنەی چۆنیەتی کوشتنی دوعا لەهەریەك لەشارەکانی کوردستان بۆمان دەرکەوت کە چ دەستورو کلتورێکی سەقەت و ترسناك لەنێو بەشێکی کورد دا هەیە بۆ تێکەڵنەبونی ئەم کەلتورە قێزەوەنە بەکلتوری ئێمەلەبەشەکانی تری کوردستان دەنگۆی وەدەرنانی هەرچی ئێزیدیە لە شارەکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی بڵاو بۆوە بەم چەشنەش ترازانێك لەنێوان کوردی موسڵمان و سەرجەم نەتەوەو کەمایەتیەکانی تر بەرامبەر کوردی ئێزیدی هاتە ئاراوە، ئەوەی هەست پێدەکرێت و بەدیدەکرێت دیسانیش بەهۆی ناسکی بارودۆخی کوردستان دەکرێ سەرکردایەتی کورد بۆ لەیەکتر نەترازانی ڕیزەکانی کورد هەوڵیدا بێت میری ئێزیدیان دوچاری ئیدانەکردن بکات دەرهەق بە کوشتنی وەعشیانەی دوعا و وا لەمیری ئێزیدی بکات کەوا نیشان بدات چەشنی کوشتنی دوعا دەستوری ئەوان نی یەو بەڵکو لەسەر مەسەلەی ئەخلاقی یە دوعا کوژراوە.
منیش لێرەوە دەڵم کوشتنی دوعا بەچەند فیشەکێك یا وەدەرنانی لەشاری خۆی یا حاشالێکردنی.. هتد هەرجۆرە سزایەکی تری شیاو نەدبوە هۆی دروستبونی ئەم ڕقە ئەستورەی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەکوردی ئێزیدی، بەڵام لەهەرشوێنێکی ئەم زەمینە هەرمرۆڤێك فام بەژیان بکات لەبچوکترین تەمەنەوە نەفرەت لەو رکارەدەکات و ڕێنادات لەکۆمەڵگاکەی ئەودا ئەم جۆرە ڕوداوە ڕوبدات.
لە ئێوەی خوێنەر دەپرسم ئیدانەکردن بەبێ سزا چ بەربەستێك بەرامبەر دوبارەنەبونەوەی ڕوداوی کوشتنی دوعا دروست دەکات...

Xozga_koyi@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.